# دوا كۆمۆنيست چاوەڕێی پاسەكە ئەكات

شيعری: سەعدی يوسف*
وەرگێڕانی: سەلاّحی گەرميان
germiyan@hotmail.com

من لە بەرەبەيانەوە، لێرەم، لەم وێستگەيە، چاوەڕێی پاسە سوورەكەم …
ئۆتۆمبيل و شەمەندەفەرەكان تێپەڕين
بە دەيان پاس تێپەڕ بوو
بەلاّم پاسە سوورەكە نەهات
هيچ هەواڵێكيشم نەبيست …
تا كوڕی هاوەڵەكەم نەيويست گوێم بۆ ڕاگرێت كاتێك كە پرسيارم كرد!
كەواتا … لێرەدا چاوەڕوان ئەبم:
ساڵان بەسەرمدا تێپەڕين
پاسەكان بەبەردمما تێپەڕين
كێژان بەلامدا تێپەربوون … بەدوای كەسێاندا نەكەتم …
چێژم لە قاقاو خەندەكان نەدی؛
دواتر پاسە سوورەكە لە پێچەكەوە وەدەركەوت!
پاسە سوورەكە ڕانەوستا!
دەستم هەڵبڕی
هاوارم كرد
بەلاّم پاسە سوور هەر ڕانەوەستا!
…………………………
…………………………
…………………………
كوڕی هاوەڵەكەم بە شپرزەيی هات:
ئەزانيت لێخوڕەكە پاسەكەی فرۆشت؟
ئێستا وێستگەی تری هەيەو

**ڕێڕەوی جیاجیا کە ئێمەگەل نایانزانین**

**لەگەڵ جێگای دانشتنی پێشتر دانراو, بۆ دزە ناسراوەکان!**

**...........................**

**...........................**

**...........................**

- **چی بکەین؟**
- **هەر ئەڕوین و ئە پرسین** ...

2006/7/23

.........................................................................................

*

**http://www.rezgar.com/debat/show.art.asp?t=0&userID=31&aid=69733**